# پەرلەمانتارانی کوڕی سەرۆك کۆمار...!!!

**محەمەد سابیر کەریم**

2007 / 2 /5

**ئەز چ بکەم، کاتێك بیرۆکەی نووسینی کۆمەڵێك بابەت وپرسىدیم لەزەین و بەرنامەدابوو، لێ، لەکۆتایی مانگی رابردوودا،ئەوهەواڵەم لەکەناڵی {الحرة}وە، کەوتەبەرچاو، کەلێدوانێکی {فریاد رەواندزی} ئەندامی لیستی(هاوپەیمانی کوردستانی)بوو، بەوەی کەتێکڕای ئەندامانی ئەولیستە بڕیاری راگرتنی چالاکی و کشانەوەی خۆیانداوە لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیدا و، بۆماوەیەك ئەندامێتی خۆیان لەوئەنجومەنە هەڵدەسپێرن...(!!!؟؟)، ئەوەش بەهۆی پڕۆژەیبڕیارێك کەداوای کەمکردنەوەی بڕی بودجەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق دەکاتن (هەروەهاش بودجەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەزیران)و، وەك پێشنیارێك لەلایەن لیستی(ئیئتلافی یەکگرتووەوە) کە لیستی شیعەکانی عێراقە و زۆرینەی ئەو ئەنجومەنە پێکدەهێنن،خراوەتەبەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق بۆ راستبارکردن وبڕیارلەسەردانی، چونکە هەروەك{حسێن فەلوجی} یەك لەئەندامانی ئەو ئەنجومەنە(واتەپەرلەمانی عێراق)، دەڵێت کەئەو بڕە پارەتەرخانکراوانەی ئەودوو ئەنجومەنە زۆر وەهمی وخەیاڵین..!!!.دیارە ئەنجومەنی بودجەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیش کەجێباسی مەیە، بەپلەی یەك، سەرۆك کۆماری عێراق دەگرێتەوە و، ئەوجاش جێگرەکانی و، پاشان راوێژکارەکانی سەرۆك کۆمار و وتەبێژەکەی وهتد... تادەگاتە سکرتێرە تایبەتەکانی... .**

**ئەز، لەبەرئەوەی تەواو دڵنیام لەوەی کەئەوهەڵوێستەی ئەو ئەندام پەرلەمانە کوردە بەهەڵوێست و شۆڕگێڕانە(!!!)، پڕاوپڕ ویەکانگیریانە، لەبەرژەوەند و دەپێناوی کەسی سەرۆك کۆمار و ئەوانەی دەورێتی ـ واتە هاوکارەکانی لە ستافی تایبەتی ئۆفیسی خودی سەرۆك کۆمار ــ، ژبەرئەوەی کە بەڕێزیان کوردن...، ژبەرهەندێ، لەم نووسینەمدا، چ کارم بەو کەس و ستافانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیەوە نیە کە کوردن نینە. لێرەوەشڕا، گوتاری سەرەکی ئەم چەند دێڕە،هۆردووك ئەو پێکهاتە ولایەنە سەرەکیە کوردیە دەگرێتەوە، واتە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و، ڤێجاش بەڕێز سەرۆکی کۆمار و ستافەکەی.. .**

**ئەز چ کارم بەسەر هیچ گۆتن و دید و بۆچونێکیدیەوە نیە،کەپێشتر و ئێستاش ودواتریش، لەبەرامبەر ئەودوو لایەنەدا گۆتراون و نێوەڕۆك و ئارمانجێکیدییان هەبووە، جودا لەنێوەڕۆك و تێگەیشتن و بیرکردنەوە و خوێندنەوە جەوهەر بەحەق ناسیۆنالیستیانەکە ــ ناسیۆنالیست وەك رەوت و هێڵبەندی هزری وپرەنسیپی سیاسی ــ ستراتیژیانەی بزاوتێك کەپاگەندەی رزگاریی نیشتمانی ـ نەتەوەیی کوردان دەکاتن ، چونکە بەداخەوە لەدوای رووداوەکانی (1991)وە و، بەتایبەتیش لەدوای پرۆسەی روخاندنی رژێمی بەعس لەعێراقدا لە(نیسانی/2003)دا، ئیتر ئەوەی کەپێیدەوترێت سەرکردایەتی(سیاسی کوردی)و هۆردووك دەزگا حیزبیە سەرەکیەکەی ئەو سەرکردایەتیە، بەئاشکرا لەگۆتار و بیرکردنەوەی سیاسیانەیان وئاخاوتنی رۆژانەی خۆیاندا، چەمکی ((ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەرایی کوردی و کوردستانییان)) بەتەواوەتی بەرکەنار و پەراوێزکردووە، بەڵکو لەوبەروارەی دواییانەوە(نیسانی/2003)وە، خودی ئەو بەڕێز سەرۆك کۆمارەی کەئێستا زۆرینەی ئەندام پەرلەمانە رۆح و هزر کوردایەتی و ناسیۆنالیستیەکانی(!!!)،نێو لیستی{هاوپەیمانی کوردستانی} ، لەتاکە هەڵوێستی رادیکالیانەی تائێستای تەمەنی ئەندام پەرلەمانێتیاندا، لەو پەرلەمانەی( عێراقی نوێی خۆشەویستدا!!)، ئەوها بەرگری و پاڵپشتی لێدەکەن و، ئامادەن ئەندامێتی خۆیان لەو پەرلەمانەدا رابگرن، ئەویش تەنێ لەبەرخاتری بڕی بودجەی( پارەی تەرخانکراوی) ئەو بەڕێز سەرۆك کۆمارەدا، بەڵێ خودی ئەو بەڕێز سەرۆك کۆمارە کوردە، سەری زمان و بنی زمانی لەتەواوی لێدوان و ئاخاوتنە رەسمی ونارەسمیەکانی نێو{ زۆنگی سەوزی بەغداد}و لە پایتەختە هەرێمیەکانی وەك { تاران و دیمەشق و ریاز و عەمان وهتد...} و لەگەشتە ئەوروپی و ئەمریکی و ئاسیاییەکاندیدا، تەنێ و تەنها بریتیە لە( پاراستنی یەکێتی و سەروەری خاکی عێراق و دەوڵەتی عێراق)و، بەڵکو بگرە لەخودی لێدوان و ئاخاوتنەکانی هەبوونی لەکوردستان و بگرە سەکۆی گوتاری**

حیزبەکەشیدا،کەخۆیان گوتەنی رووبارێك خوێنی رژاوی باشترین وئازاترین مرۆڤی ئەوخەڵکەی کوردی پێدەڵێن،تەنها دەپێناوی(کوردایەتی وکوردستانیەت)دا بووە،بەئاشکرا و بێهیچ سڵکردنەوە وهەڵوێستەکردنێك بۆئەورووبارە خوێنەپاکەی ئەو شەهیدانەی پێناو کوردایەتی وکوردستانیەت، بەتەواوەتی زاراوە وچەمکەکانی( کوردایەتی وکوردستانیەت)ی، تورِ و وەلاناوە(!!!؟؟). بەڵکو لەپرۆسەیەکی بیّ وێنەی هیچ بزاوت وبزاڤێکی ناسیۆنالیستی مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەو بەرِێزە و هاووێنەکانی دەنێو ئەوێستای بزاوتی کوردیدا، بەشێوەیەکی زۆر زیرەك و بیرتیژانە، چەمك وزاراوەکانی( کوردایەتی و کوردستانیەت)ی گۆرِیوە ژبۆ (عێراقیەت و عێراقیایەتی)(!!؟؟؟)، بەڵکو لەدوا لێدوانیدا بۆ رۆژنامەیەکی عەرەبی{کەنداوی}بەئاشکرا و بێهیچ سڵکردنەوە و رێزدانانێك بۆ ئەو رووبارەخوێنە رژاوەی حیزبەکەی خۆی و ئەو دەریا خوێنە رژاوەی سەرجەم بزاڤی کوردی، کەهەرهەموویان دەپێناوی پاراستن و سەرخستنی ئەودوو زاراوە و چەمکەی (کوردایەتی و کوردستانیەت)دا، بووە، دەوڵەتی کوردی ـــ کە بنەمایترین و گەوهەریترین ئامانج و هیوا و خواستی ـــ ئەو سەدانهەزار مرۆڤە گیانبەختکردووە بووە، بەخەون و بە هیوا و خواستی کەسانێکی منداڵ و سەرلێشێواو دادەنێتن ...(!!؟؟) .

بەڵێ، ئەگەر ئەوی سەرەوە، کورتەیەکی زۆرکەمبێت لە دید وباوەرِی هزریانەی، بەرِێز سەرۆك کۆماری ئەوێستای(عێراقی نوێ)، عێراقی نوێی پرِدەستکەوت و خێروبێری سیاسی و ئابووری و بازرگانی و....، بۆ گەل و نیشتمانە{کوردستان}کەی،ئەو ئەندام پەرلەمانە کوردە بەرِێزانەی پەرلەمانەکەی {بەغداد}،ئەوا خوێندنەوە و تێرِوانینێکی بابەتی و واقیعیانە بەتۆمار وئەجندای واقیعیانەی ئەو بەرِێز سەرۆك کۆمارەدا،لەهەردوو دەورەی سەرۆکایەتی{ئیبراهیم جەعفەری} و{نوریمالیکی}ئێستادا، لەپانتایی دەستەڵاتکردندا لە{زۆنگە سەوز}ەکەی عێراقی نوێدا، بەداخەوە، برِیارێك یان کردە و هەڵوێست و کارکردێك نابینین، کە بەرِێزیان دەپێناو و بەخاتر و بەئارِاستەی پرس و کێشە سەرەکی ودینامیەکانی ئەو خەڵکەکوردەدا، نابێتی و پیادەیکردبێت ولەخۆی نیشاندابێت، ئەوخەڵکەی کە سەرباری هەموو گەندەڵی و نەرێیەکانی ئیدارەی حیزبەکەی بەرِێزیاندا ئیدارەی سلێمانی ـــ،بەرِێژەیەکی زۆر خۆیان خزانەبەردەم سندوقەکانی ئەوهەڵبژاردنەی کەبەرِێزیانی گەیاندە ئەوپۆستە سیادیەی کەدەمێکە لەبەرنامە ولەئەجندا وبگرە لەهیوا وخەونەمەزنەکانیدابووە .

ئاخر بەرِێز جەنابی سەرۆك کۆمار، ئەز دیّ چبکەم، کە کەسانێکی لەوجۆرەی وەك ئەوپەرلەمانتارە کوردانەی پەرلەمانی(عێراقە نوێ)یە خۆشەویستەکەتان، کەهەر حیزبەکانی خۆتان لە دوورترین و بیّ وێنەوێترین کردە وپرۆسەی نادیموکراتیانەدا، لایەنگیری و رای ئەرێی ئەوهەموو دەنگدەرە کوردەتان، کردە قوربانی بەپەرلەمانتاربوونی کەسانێك لەو پەرلەمانەی بەغدادا، کەزۆربەی زۆریان، تۆزقاڵێك باوەرِ و هەڵوێستی ناسیۆنالیستی ونەتەوەیی کوردانەیان نیە. ئەوا ئێمەش، هەموو ئەو مرۆڤە کوردانەی، کە کەم، یان زۆر ئازار و ئەشکەنجە ومالۆێرانی ودەربەدەریمان بەسەرهاتووە و بەرەورِووبۆتەوە، کە باشترین و جوامێرترین مرۆڤەکانمان بوونەتە قوربانی رێگایەك کەسەرەنجامەکەی لەئێستادا، بەوەگەیشتووە کەبەرێزتان بگەنە ئەوپۆستە و، ئەو بەرِێزانەش ببنە ئەندام پەرلەمان، بۆمان هەیە و بەمافی خۆمانی دەزانین، کەئیتر لەبەرامبەر هەموو ئەو کار و هەڵوێست وبرِیارە ناکوردانە و ناکوردستانیانەتاندا، بێینە قسە و، توند زاربکەینەوە، کە بۆچی لەبەرامبەر هەموو ئەو کێشە و پرسە گرنگ و گەوهەرییانەی ئەم کۆمەڵگەیە بەگشتی و، ئەو بنەماڵە سەربەرزانەی کە ئەو قوربانیانەیانداوە وئەوهەموو دەربەدەری وئەشکەنجانەیان بەسەرهاتووە، بێدەنگ و دەستەوەستانن و، بگرە تەواو بەئارِاستە و رێرِەوێکەوە هەڵدەسورِێن وکاردەکەن لەو پۆستەتاندا، کەتەواو پێچەوانە وناکۆك بەخواست و ئارمانجە سەرەکی وگەوهەرییەکانی(مە)یەکی قوربانیدەری گەیەنەری ئێوەی بەرِێزە بە مەقامی پرِلەنیعمەت و خۆشژیانیبێهاوتایانەی سەرۆك کۆمارێتی و جێگرسەرۆك وەزیرانی و ئەندام پەرلەمانتارێتی و وەزیری و...!!!؟؟؟.

ئاخر کاتێك لەماوەی دووساڵ زیاتری پۆستی سەرۆك کۆمارێتیتاندا، هیچ شتێکی باش وئەرێیی دیار ولەبەرچاوتان، بۆکێشە وپرسگەلێکی وەك ئەمانەی خوارەوە نەکردبێت ودەخۆدەرنەبرِیبێت، ئیتر ئێمە چ بکەین و، چۆن نەگەینەئەوەی کە نامەیەکی رەخنەگرانەی ئاوهاتان ئارِاستەبکەین..، چۆن گوتارێکتان ئارِاستەنەکەین کەبەمشێوەیەبێت و، زۆر راشکاوانە

سنووره تەقلیدیەکانی ئەوەی کەپێیدەگۆترێت پاراستنی فۆرمی نەریتی ئاخاوتنی نێوان هاوولاتی و سەرۆك، تێپەڕنەکات ...!!؟؟؟.پرس و کێشەگەلێك وەك::ـ

1) باری تەواو ناهەموار و تەواو تراژیدییانەی ئەو هەموو کوردە ئاوارە گەڕاوانەی کەرکوك و ناوچە تازەرزگاربووەکانی‌دی، نەك لەپێنەدانەوەی ئەو مافە سەرەکیانەیان کەبەئاشکرا و لەدوێنێیەکی نزیکدا، رژێمە دیکتاتۆرەکەی بەعسی عێراق، بەنوێژی نیوەڕۆ لەکردەیەکی تەواو هەمەجی و بەربەریانەدا لێیئەستتاندوون و پێشێلیکردوون، بەڵکو ئەو مافەسەرەتاییانەی ژیانیان، کەئێستا و بۆماوەی نزیك بە(4)ساڵی ژێرسایەی عێراقە نوێیە ئازادە دیموکرات و فیدراڵیەکەی کەبەڕێزتان سەرۆك کۆمارینە، پێیان نادرێت و بەڕەوایان نابینرێت..!!؟؟؟ .

2) نەچەسپاندنی خواستی ئەو فیدراڵیەی کەتائێستاش هیچ کوردێکی بەشداربووی کوردایەتی، نازانێت شێوەی چۆنە و کامە بیچم و نێوەڕۆکی هەیە..!!!؟؟؟؟،لەلایەن ئەو دەستەلاتی ئەوحکومەتەوە کەبەڕێزتان لەپۆستەبالاکەیدانە.ئەو خواستەی کەلەڕاستیدا، بۆدەمی ئەوێستاش، چ نیە جگەلە لایەنی کەمی خواست و داوایەك،کەبۆ خەڵکی بزاڤێکی رزگارییخوازی بڕدراوەتەوە، کەهەموو دەزانین خاوەنی دەریایەك خوێن و کێوێك قوربانیە... !!؟؟؟.

3) نازانین کەبەڕێزتان بۆ هیچ کاردانەوە هەڵوێستێکی جیدی وئاشکراتان نیە، لەبەرامبەر دەیان هەڵوێست وبڕیاری ئەو حکومەتە لاوازەی زۆنگی سەوزی بەغداد، کەبەرامبەر خەڵکی کوردستان ـ چ سنووری هەرێم کوردستان و،چ ناوچە کانی وەك کەرکوك موسڵ و خانەقین و.... ـ،دەیکات و دەخۆدەریدەبڕێت، تەنانەت لەمەسەلە وپرسگەلێك ئاسایی و ناسەنتەری وەك پەروەردە و خوێندن و کارەبا و سووتەمەنی و مووچە و تەندروستی وهتد....!؟؟ .ئاخر ئەوانێك لەو لاوازییە گەوریەیەی ئەوێستایاندا، ئەوها هەڵوێست و بڕیارێکی تەواو دژئامێزانەیان هەبێت، ئەی لەسبەی گەیشتن بەهێز وتوانای لەبەرچاویاندا، دەبێت چمان بەرامبەربکەن و، چمان لەدژ ئەنجامبدەن..!؟؟.

4) بەردەوامبوونی ئەو هەڵمەتە پاکسسازیە مەرگەساتبارەی کوشتن و رەشەکوژکردن و دەرکردنی هەزاران خێزانی کوردی ناوچە وشارە کوردیەکانی(دەزانم کەزۆریشتان پێناخۆشە و موچڕکە بەلەشتاندا دێت کە{موسڵ}بەشارێکی کوردستانی نێوبەرین)،وەك{کەرکوك و میسڵ ـ کورەکانی ئەوشارە وا ناویدەبەن ـ ژەنگار و تازەخورماتوو و سلێمانبەگ و خانەقین و جەلەولا و شارەبان وهتد...}، بەڵکوبگرە ئەو پرۆسە وهەڵمەتە تەعریبیەی سەردەمی(عێراقی نوێیەکەمان!!!)لەناوچەکانی وەك(سەعدیە و شارەبان وجەلەولا و بەڵکو خودی کەرکوکی قودسەکەشماندا..)کەبەردەوام وبەرۆژی نیوەڕۆیە ئەنجامدەدرێت و نەبەڕێزتان و نەبەڕێز سەرۆکی هەرێمیش و نەئەو پەرلەمانتارە هزر و رێبازکوردایەتیەی نێو لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، هیچ کاردانەوە و جووڵەیەکتان نیە بۆ پێشپێگرتن و راوەستاندنی..،تەنانەت بچووکترین ئاماژەیشی وێناکەن..!!؟؟؟.ئەوەخۆباس لەو تەعریبە نوێیە( نێوەڕۆك و فۆرم شارستانی و مەدەنی و دیموکراسیە)ی قۆناغی ئەوێستای ئەو(عێراقە نوێیە یەکگرتووە دیموکراتی و فیدراڵی)یە،ناکەم،کە قوولایی شارگەلێکی وەك{سلێمانی و هەولێر ودهۆك}ی گرتۆتەوە..!!؟؟؟، بەڵکو ئەوەهەڵدەگرین بۆئەوکاتەی کە بەڕێزتان لە هەلومەرجێکی جودا ونوێی تردا، دەکەونە ئاخاوتن لە زاراوەگەلێکی وەك(( سلێمانی، یان هەولێر شارێکی بچووککراوەی عێراقین و شانازی بەعێراقیبوونی خۆیانەوە دەکەن..!!!)).

لەڕاستیدا، گەلێك پرس وکێشەی تر هەنە، کەحکومەتە لاوازەکەی ناوچەی سەوزی بەغداد، بەردەوام لەبەرامبەر خەڵکی کورددا، دەیاننوێنێت وبەئاشکرا پیادەیاندەکاتن و، کەچی، نەبەڕێز سەرۆك کۆماری کورد و، نە جێگرە کوردەکەی{مالیکی}سەرۆك وەزیران و، نە هیچکام لەو پەرلەمانتارە کوردانەی پەرلەمانەکەی بەغداد و نە وەزیرە بەڕێزە کوردەکانی کابینەکەی مالیکی، هیچ هەڵوێست وکاردانەوەیەکیان، لەبەرامبەریاندا نیە!؟؟.لێ، ئەز لەیرەدا، تەنێ بەوەندەی بەسدەبم و، ئەوجا ئەوەندەی کەماوە لەم گۆتارە رەخنەییەمدا، تایبەتیدەکەم، بەو پەرلەمانتارەکوردە بەڕێزانەی، کە هەوێنی نووسینی ئەم چەند دێڕەن و، خاوەن ئەوهەڵوێست وهەنگاوە ئاماژەبۆکراوەی سەرەوەن، لە بەرگری ئاشکرا لە بەشی بودجەی بەڕێز سەرۆك کۆماردا..!!؟؟؟ .

لەڕاستیدا، پنتێك هەیە کەلەیرەدا پێویستە هێمای‌ژبۆبکەم، ئەوەی کە لەمێژووی هیچ بزاڤێکی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی رزگارییخوازیدا نەبووە، کە ئەندام پەرلەمانتارەکانی‌گەلەکەی دەنێو ئەو پەرلەمانەی کە دەزگای قانوندانەری ئەودەوڵەتەیە کەکێشە وململانێی سەرەکی وخوێناوی بزاڤی گەلەکەی وان، دەگەڵ ویدابووە و دەبەرامبەریدابووە، ئەوها بێهەڵوێست و بێدەنگ وبێکاردانەوەبن دەبەرامبەر هەموو ئەو کارکرد و هەنگاو وبڕیارانەی کە حکومەتێك دەینێت و دەریدەکاتن، کەئەو پەرلەمانە هەڵیبژاردووە..!!؟؟، ئەوە تەنیٚ لەلای کوردانی ئەوێستای ئەمبەشەی کوردستان هەیە..!؟. بەڕاستی ئەوە تراژییدیترین پنتێکە کەئەم پەرلەمانتارە کوردانەی بەغداد، لە مێژووی بزاڤێکدا دایانهێناوە و خشتبەندیانکردووە، ئاخر بەڕێزینە، ئەز تەنیٚ ئەو راستیە دەڵێم، بەویژدانتان و بە هۆشیاری و باوەڕێك کە تۆزقاڵێك نزیك لەباوەڕی ناسیۆنالیستی کوردانەبێتن، ئێوە لەماوەی ساڵێك زیاتری تەمەنی ئەوپۆستەتاندا، بۆلەسەر هەموو ئەو پرس وکێشەگەلە گرنگ و گەوهەریانەی سەرەوەی خەڵکی کۆمەڵگەتان وبزاوتە پڕ لەکارەسات وخوێنڕژتنەکەیدا، کەهەم حکومەتەکەی جەنابی{مالیکی} وهەمیش ئەوبڕیار و پێشنیارانەی کەخودی ئەو پەرلەمانەی کە ئێوە لیستێکی بەرچاو و کارییگەرینە، لەدژی سادەترین ماف و پێداویستیەکی ژیانیان، دەینێت و پەیڕەویلێدەکاتن، بێدەنگ و بێهەڵوێستن..؟؟؟، کەچی هەرئەوەندەی پێشنیاری کەمکردنەوەی بودجەی سەرۆك کۆمار لەو پەرلەمانەدا خراوەتەبەردەم، یەکسەر ئەو کاردانەوە وهەڵوێستەتان وەرگرتووە ولەخۆدەربڕیووە، کەئێستا جێئاخاوتنی مەیە!!؟؟.کاردانەوە وهەڵوێستێك کە راستتربوو، لەبەرامبەر هەمووئەو بڕیار وهەنگاوە دژئامێزیە ئاماژەبۆکراوانەی سەرەوەدا، دەرتانبڕیایە و وەرتانبگرتایە، نەك ئەوەی کە لەبەرامبەر کەمرکردنەوی بودجەی بەڕێز سەرۆك کۆماردا، دیارە ئێوە بەو هەنگاوەتان، پاگەندەی ئەوەدەکەن کەهەڵوێستێکی کوردانەتان،نواندووە و، دەخۆدەربڕیووە..!!!، ئەوەش لە تێگەیشتنی ئێوەدا، تەنیٚ لەبەرئەوەی کە بەڕێز سەرۆك کۆمار کوردە، وەلیٚ ئەو خەڵکەی کوردستانەکەی ئێوە کەئەو هەموو پێشێلکاری ودژایەتیەیان لەلایەن حکومەتەکەی مالیکی و پەرلەمانەکەی بەغداوە، لەبەرامبەردەکرێت ، کوردنین و نامۆن بەئێوە، بەڵکو پێدەچێت خەڵکی یەك لەو دوورگە گچکانەی ئەوسەری جیهانبن کەزۆرتان لەهەبوونیشیان ئاگادارنینە..!!؟؟،ئەوخەڵکەی کەئەگەر هەڵوێست وهەنگاوی کوردانە و بوێرانەی وان نەبوایە، ئەواحەزدەکەم بزانن، کە زۆرتان ــ گەر نەڵێم هەمووتان ـ، بەخەونیش نەدەگەیشتنە پۆستی ئەندام پەرلەمانی .

دواجار دەگەڵ رێزی زۆرم هەم بۆ بەڕێز سەرۆك کۆمار و، هەمیش بۆ ئەو پەرلەمانتارە کوردانە، بەپێویستیدەزانم، ئەو راستیەبخەمەبەردەم، ئەوخەڵکەی کەبازنەی زیندووی ئەوپێکهاتە ئیتنیکیە پێکدەهێنێت، کە بەهۆیەوە واتە لەڕێگەی ئەوناسنامە ئیتنیکیەوە لەولاٚتێکی وەك عێراقدا، بووەتە تاکە هۆکاری پێکهاتن ودەرکەوتنی یەك لەکوتلە سەرەکیەکانی پەرلەمانی ئەم ولاٚتە، هێند خەمسارد وناهۆشیارە لەباری سیاسیەوە، هێند دوورە لەبەشدارییکردنی راستەوخۆ وئاکتیڤانەوە لەوپرۆسە سیاسیانەدا، کەهەمووجارێك دەزگا و دامەزراوە دەرهاویشتە و وەدیهاتووەکانی، لەسەرشانی(ئەو)، پایە و کۆڵەکە پتەو و سەرەکیەکانی بەرهەڵدا و چێدەبێتن، بۆیەکە بەردەوام ئەو گۆڵە گەورانەی لێدەکرێتن و بەوشێوە تراژیدی وبیٚ وێنەیە دەخرێتە پەراوێزەوە وهیچ ئەژمارێکی بۆناکرێتن !!؟؟.دیارە هەرلەیرەشەوەیە، کەلە پانتایی ژینگەیەکدا کەخەڵکێکی ئەوها، چوارچێوە گەوهەریەکەی بە کۆمەڵگابوونی پێکدەهێنێت، دەبینین، بنەما دینامیکیەکانی دابڕانی دەستەلاٚت ــ مەبەست لەو نوێنەرانەی خەڵکە کەبەهۆی پرۆسەکانی دەنگبۆدانی وانەوە، دەگەنە وەرگرتنی پۆستە دەستەلاٚتی وقانونیەبالاٚکان ــ، لەخودی ژینگە چێکەرەکەی، زۆر بە زەقی ودەرکەوتوویی دێتەپێکهاتن وهەبوونەوە، بەدوای ئەوەشدا، ئیتر زۆر سروشتیە کە خەڵکێکی ئەوها، بەلایانەوە ئاسایی بێت ئەونوێنەرانەیان نەك هەر هیچیان بۆنەکەن لە میانی پۆستەکانی دەستەلاٚتیانەوە، بەڵکو بگرە، بەئاشکرا ئەوە دێتەبوون و دەرکەوتنەوە، کە ئەوخەڵکە جۆرێك لە تەرزی کاریزمای سەرۆك و دەستەلاٚتی پلەیەکەمینی، بەسەرخۆیانەوە قوتدەکەنەوە، هەربەوپێیەش زۆرئاساییدەبێت کەهەمووجارێك ئەو خەڵکە لەبەرامبەر لێدوان و گوتارە راستەوخۆکانی دەستەلاٚتدارەکانیدا، وەك مێگەل کۆوەبن و هەر رستە و مەقولەیەکی گوتاردەری بەرامبەریان بەچەپڵەوە گوڵبارانبکەن، ئەوەش پرۆسەیەکە، کەتەنیٚ ئەو لێکدانەوە هونەریەشێوەکاریە وەردەگرێت، کە دیمەنی ئەوخەڵکە، وەها

وێنــەدەکات لــەناو قوڕولیتیــەکی زۆرخەســتدان و لــە کەشــێکی تــەواو تاریکــدا و بەســکێکی تــەواو برســیەوە، وەلێ چەپڵەلێدەدەن وسەمادەکەن لەبەرامبەر گوتارەکانی دەستەڵاتدارەکەیاندا ...!!؟؟؟ .

بەمشێوەیە،دەگەمە ئەوەی ئەومافە بەخۆبدەم، کە راستەوخۆ وراشکاوانە، بڵێم، بەڕاستی ئەوانە ((پەرلەمانتاری کــوڕی ســەرۆك کۆمــارن و،دوورن لــەوەی کــە کــوڕی گەلەکــەی خۆیــان بــن...!!!)).هەرچــەندە، دەگەڵێئەوەیــشدا، ئــەو راستیەدەلێم، کە بەندە، لەم نووسینەیدا، هیچ مەبەستێکیدی نیە، جگە لە گۆتنی بوێریانەی راستیەکان وەکئەوەی کە روویانداوە و، وەکئەوەی کەهەن و رودەدەن، ئەوەش (من) و ئەوەش ئێوەی بەڕێز، بۆئەوەی بێین بەئاشکرا و راستەوخۆ ئاخــاوتن ومــشتومڕ لەســەرهەرکام لــەو رەخنانەبکــەین کەلــەم نووســینەمداهاتوون، ئەگــەریش ســەرەنجام توانیتــان ئەوەبسەلمێنن کە بەندە، ناڕاستی و بوهتان و هەڵبەستنکاریم کردووە، بەڵکو ئەگەر بیسەلمێنن کەتەنانەت زیادەڕۆیشم کردبێت لەو لێکدانەوە و وەڵامەمدا، ئەوا ئامادەی هەر لێپرسینەوەیەکی یاساییم کەدەگەڵم بکرێتن، وەلێ، ئەفسوس، بەهیچشێوەیەك بەخت، یارمەتیدەدەر وهاوکارتان نیە، چونکە ئەز، ئاخاوتنم لەپرس و کێشە وراستیگەلێك کردووە، کە پەیوەندی راستەوخۆی بەژیانی سیاسی و ئابووری وکۆمەلایەتی زۆرینەی خەڵکی ئەو ژینگەیەوە هەیە کە منیش و ئەنگۆش بەبەڕێز سەرۆك کۆماریشەوە، هاوڕەگەز و هاوخوێنیانین و لەئاخاوتنی گشتی و تەقلیدییماندا بە{کورد} ناویاندەبەین و، وەك رۆژی روونـاك دیـارن و هاواردەکەن و، هیچ ژمارەیەکی رۆژنامەگەلێکی وەك{هـاووڵاتی و ئاوێنـە ومیـدیا و جـەماوەر و کوردسـتان راپـۆرت وهتـد...}نیـە، کـە بـەردەوام ولەهـەر ژمارەیـەکی تازەدەرچـوویاندا، نـەك هەربابـەتێك، یـان نووسـینێك، بـەڵکو چـەندین بابـەت ونووسـین وهـەواڵ، لەسـەر ئـەو پـرس وکێـشە وراسـتیگەلانە بڵاونەکەنەوە... .

لێـرەوەڕا و، بەوەسـتان لەسـەر ئـەو راستیانەیسەرەوە، ئـەو پرسـیارە ئاڕاسـتەدەکەم، کاتێـك لـەدوای دەرچـوونی راپۆرتەکەی{بەیکەرــ هـاملتون} ، کەسەرلەبەری فەرامۆشکردنێکی ئاشکرا و، دژایـەتیکردنێکی تراژیدیابارانەی خواست وئارمانجەکانی نەکهەر خەڵکی کوردی ئەمبەشەی کوردستان، بـەڵکو بەشەکانیدیشە، کاتێك ئێوەی پەرلـەمانتاری بـەڕێز، لەژێر فشاری ئەو شـەپۆلە نارەزایـەتی وپڕۆتستۆکردنە گـەورە وفراوانـەی، کـە هـەم میدیای کـوردی و، هـەمیش تاڕادەیـەك شەقامی کوردی بەخۆیەوەدیتی،کەوتنەخۆ و،لەیەکێك لەدانیشتنەکانیئەو پەرلەمانەی بەغداتاندا، پێشنیارێکتان بۆبـەردەم سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بـەرزکردەوە، کەتیایـدا داوای تـەرخانکردنی دانیـشتنێکی تایبـەتتان کردبـوو، بـۆ ئاخـاوتن لەسـەر راسپاردەکانی ئـەو راپۆرتـە نەگریسە ئامـاژەبۆکراوە، دیـارە مەبەسـتتان پڕۆتستۆکردن و رەخنـەگرتنی بـووە، لێ بەداخـەوە هەردەمودەست لەلایـەن {د.فوئـاد مەعـسوم}ی سـەرۆکی کوتلەکـەتان رەتکرایـەوە و، ئیتر نـە ئێـوە و نـەهیچ کەسێکیدی بــەرپرس لــە بەغــداو، بــەرپرس لــە کوردســتان، لــەهۆی ئــەو رەتکردنــەوە ودژایەتیکردنــەی بــەڕێز{مەعــسوم} یــان، نەپرسیەوە...!!؟؟؟، نازانم لە کوێی دونیادا و، لەواقیعی کامە بزاوتی گـەل یـان نەتەوەیـەکی چەوسـاوە وبـە ئارمـانج و مـاف نەگەیـشتوی(وەك کـوردا)، بـووە و، ئـەوە هەیـە، کـە نوێنـەرێکی خـۆی بەوشـێوەیەی بـەڕێز{مەعـسوم} رەفتـار لـەدژی بەرژەوەنـدی نەتەوەکـەی خۆیبکـاتن و، یـەك کەسـیش نرکـە ونـوزەی لێوەنەیـەتن..!!؟؟؟.(من)،راسـتدەبێژم، دەبـوو ئێـوەی پەرلەمانتاری بەڕێز، چۆن ئاوها لەبەرامبەر پێشنیارێکی ئەوپەرلەمانەدا، کە تەنێ تایبەتـە بـە کەمکردنـەوەی بـڕی بودجـەی بـەڕێز(سـەرۆ کۆمـار)دا، کـە رێـك پێـشنیارێکە لەجێگـەی خۆیـەتی، چـونکە هـەموو ئـەو سـتافەی بـەڕێز سـەرۆك کۆمـار، بـە پاسەوانەکانیشیەوە لە(100)کەسێك زیاترنیە و، کەچی هەروەك ئاغای{حوسێن فەلوجی} دەڵێتن ئەو بڕە پارە خەیاڵیـەیان بۆتــەرخانکردووە..!!!!، بــەڵێ دەبــوو لەبەرامبــەر ئەوهەڵوێــست و ئاکتــە نــەرێی و تــەواو دژ و پێــچەوانەی لــۆژیکی ناسیۆنالیـستی ونەتەوەییـەی ئاغـای{مەعـسوم}یـشدا، هەڵوێـستێکی لەوجۆرەشـتان هەبوایـە.. . ئـاخر ئالەیرەوەیـە، ئـەز هەرچەندە سەرم هێنا وسەرم برد، تـایتلێکی لـەوە واقیعتر وجوانترم بـەدی نـەکرد، جگەلـەوەی کەئێستاکردوومەتە تـایتڵی سەرەکی ئەم نووسینە، واتە بەحەق ئێوە کوڕی دڵسۆزی بەڕێز سەرۆك کۆمارن..... !!!! .

بۆیە دواجار دەپرسم، بەڕێزینە: ئـاخر ئـەو ژیانـە پـڕ لەناهـەمواری وکۆڵەمەرگیـەی ئەوسـەدانهەزار ئـاوارە کـوردە گـەڕاوەی کەرکوك، گرنگ و دەپێشترە، یان بودجەی بـەڕێز سـەرۆك کۆمـار..، ئایـا دەرکردن وکوشتن و قڕکردنـی بـەردەوام وئاشـکرای کوردانی{میسڵ و ژەنگار و کەرکوك و هەویجە و دوبز و تـازە و خورمـاتوو و سلێمانبەگ و خانـەقین و شـارەبان و جەلـەولا

وسەعدیە وهتد..}گرنگتر و دەپێشترە،یان بڕە پارەی خەیاڵی بەڕێز سەرۆك کۆمار..، ئایا جێبەجێکردنی مادەی گیرخوارد وپەتپەتیپێکراو وداماوی(140) و، ئەو بێنەوبەرەیەی حکومەتی هەرێم کوردستان دەگەڵ حکومەتەکەیئاغای{مالیکی} لەسەر یاسای وەبەرهێنانی نەوت و،بڕی بودجەی تەرخانکراوی هەرێمی کوردستان، گرنگ و پێویست و دەپێشترن، یان ئەو بڕە پارە وەهمیەی بەڕێز{سەرۆك کۆمار} ..،ئایا رۆژڕەشی و کۆڵەمەرگی ژیانی رۆژانەی ئەو هەمووە خەڵکە کوردەی(خۆتان!!)، لەشارەکانی هەرێم کوردستان، بەهۆی نەبوونی کارەبا و سوتەمەنی و خزمەتگوزارییە گرنگەکانی تر، کەلەبەشێکی سەرەکیدا، حکومەتەکەی(زۆنگی سەوزی بەغداد) لێیان بەرپرسیارە، گرنگتر و دەپێشترن، یان بڕە بودجەی بەڕێز سەرۆك کۆمار..، ئایا..ئایا...،!!!؟؟؟.ئەز دەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، رێزی تایبەتم بۆ بەڕێز سەرۆك کۆمار هەیە، لەبەرئەوەی هەرچۆنێك بێتن سەرکردەیەکی کوردیە، وەلێ کوردگوتەنیش(( هەموو شتێك بەخوێ و خوێش بەمانا))، ئەو بێهەڵوێستی و چاونوقاندنە گەورە وبێئەندازەیەتان لەئاست ئەو هەموو بەسەرهات وناهەمواریەی خەڵکی کۆمەڵگەکەتان، هیچ پاساوێکی نیە و هیچ بێدەنگیەك بەراستنازانێتن... .